

# توودەئیزم لە قاڵبی "کوردایەتیی ئیسلامیدا"

## بە بیانووی خۆ دەرخستنەوەی فارووقی کەیخوسرەوی

خەلیل غەزەڵی

نووسینی ئەم دێڕانە ڕەنگە هێندێک کەس بڕەنجێنێ . بەڵام مەبەستی من بێحورمەتی کردن نییە و تەنیا دەمەوێ چاوێک بە "مێتودولوژیی" ڕێبازێکدا بخشێنم کە ستراتێژیی هەلپەرستی بووە و ئەوەی وەک "ستراتێژیی" خۆی رایدەگەیاند، تەنیا لە قسەدا بووە و لە دەروونەوە باوەڕی پێنەبوە.وەک دواتریش لە تەنگانەدا دەریخست بەرگەی یەک هیرشی دەسەلاتی ئیسلامیی نەگرت و بەکردەوە و سیاسەتەکانی، مەرگی سیاسیی خۆی ڕاگەیاند . مەبەستم توودە و توودەئیزمە.(کاتێک باسی توودەئیزم دەکەم مەبەست ڕێبازەکەیە نەک حیزبی توودە. هەمووشمان دەزانین ئەم ڕێبازە تەنیا حیزبی توودە ناگرێتەوە.)

ڕەنگە هێندێک کەس بڵێن،جا ئێستە کەی کاتی باسکردنی "مردووە" . بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ڕێبازە(بەداخەوە) دزەی لە نێو هێندێک خوێندەوار(نەک ڕۆشنبیر)ی کورددا کردوە و لە کاتی خۆی زیانیشی لە گەلەکەمان و بزاڤی رزگاری خوازیەکەی داوە،نابێ گوێ خۆمانی لێ بخەوێنین. چوونکە ئەم ڕێبازە(وەک دواتریش باسی دەکەم) مشەخۆرە و بە گۆڕانی کەش و هەوای سیاسیی کۆمەڵ،بە پێی مەسڵەحەت و کێشەی باو،لە بەرگ و ڕوخساری دیکەدا خۆی دەژێنێتەوە و بە شێوەیەکی دیکە (بەڵام لەسەر هەمان بنەما،واتا هەلپەرستی) دێتەوە مەیدان و ئیمکانی زیان گەیاندن و بەتایبەت بەلاڕێ بردنی کەسانێک کە ئاشنا بە جەوهەری فرسەتتەڵەبانەی نین،هەیە.

ئێستا پاش دوو دەیە ، لەملاوئەولا جار جار دیسان تووشی ئەم بیر و بۆچوونە دەبینەوە. دیارە هیچ باسێک لە خەت و ڕێبازەکەیان ناکەن و بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجی سیاسیی جیهان و ناوچە ، قسە و هەڵوێستەکانیان قەوارە و ڕوواڵەتێکی دیکەیان هەیە . بەڵام ڕەوش و ڕێباز هەر وەک خۆی ماوەتەوە. جا بەپێی ئەوەی لە کوێ بژین زبانی قسەکردنیان فەرق دەکات. هەر وەک قۆڕی(قۆڕیانە زەردە) بەپێی جێگە ڕەنگیان دەگۆڕدرێ. بۆ نموونە ئەوانەی لە ژێر سێبەری حکوومەتی ئیسلامیدان،بەرگی موسوڵمانیان لەبەر کردووە و ئەوانەی کە ڕووسیەیان بەجێ هێشتووە و لە ڕۆژئاوا نیشتەجێ بوون کراسی "مودێرنیزم"و "کوردایەتی"یان لەبەر کردووە. بەڵام هەردوولا قسە و ئامانجیان وەک یەکە . واتە لە باری ستراتێژی و "یارگیریەوە" بە هێندێک ئەملاو ئەولاوە،وەک یەک هەڵوێست دەگرن. چاوێک لە سایت و نووسراوەکانیان و هەڵوێستیان ئەوەمان بۆ دەردەخات. بۆنموونە هێندێک لەم "کۆنە" توودە و ئەکسەریەتییانەی "دەرەوە"لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی حەوتەم و سەرەک کۆماریدا هەمان هەڵوێستیان بوو کە "ڕاە توودە" و سایتی "پەیک نێت" دەریان دەبڕێ. هاوکات هاوهەڵوێستیش بوون لەگەڵ "ئیسڵاحتەڵەب"ەکانی حکوومەتی(بە کورد و غەیرە کوردەوە). واتا لە کاتێکدا گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی بە ڕاشکاوی باسی تەحریمی ئەم هەڵبژاردنانەیان کرد،ئەم کەسانە یا هەلپەرستانە دەمی خۆیان گاڵە دابوو، یا بەناوی "مافی دەنگدانەوە" تەبلیغیان بۆ گەرمکردنی هەڵبژاردن دەکرد.لەوەش بێشەرمانەتر، ئیدئولۆگەکانیان ، ئیسڵاحتەڵەبی کوردی لایەنگری حاکمییەتیان وەک بەشێکی بزووتنەوەی کورد دەناساند !؟

چاوم لە سایتێکی کوردی دەکرد کە بەناو "ئیسڵاحتەڵەبی کورد" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕییان خستووە .ئەڵبەت سایت نییە دووکانە. دووکانێک بۆ مامەڵە کردن بە پرسی کورد. ئەوەی کە خاوەنانی ئەم سایتە چەندە ئیسڵاح تەڵەبن با بمێنێ . لەم سایتەدا لە پڕ بابەتێکم دیت کە

ناوی نووسەرەکەی بۆم ئاشنا بوو " فارووقی کەیخوسرەوی" . وەبیرم هاتەوە ئەم ناوە، پاش کونگرەی چواری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، یەکێک لەو کەسانە بوو کە لەگەڵ غەنی بلووریان و چەند کەسی دیکە ، بە فیتی حیزبی توودە، لە ناوەندیی ئەم حیزبە جیابوونەوە و تەشریفیان بردەوەلای دەسەڵاتی ئیسلامی .( دیارە ئەم یەکەیان ماوەیەک "ح د ک " گرتی و پاشان بەریداو یەکڕاست تێتەقاند بۆ ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامی). ئەوکات ئەم کەسانە (بێجگە لە ماموستا هێمن کە زۆر زوو خۆی لێیان جودا کردەوە) بە ئیدیعای "موبارزەی زیدی ئیمپریالیستی " وبە دژی "بەعسی" بوونی حیزبی دیموکرات (تۆ بڵێ بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان) هەڵوێستیان گرتبو . کە لە راستیدا بە دەستووری حیزبی توودە ئەو هەڵوێستە چەواشەیان بەمەبەستی تێک شکانی حیزبی دیموکرات گرتبوو.

ئەوکات ئەم "حیزبە"(توودە )خەریک بوو لە خومەینی چەگوارا و گاندی و .. دروست دەکرد و بەو شێوە لە ژێر "خیمەی ئینقلابی ئیسلامیدا" مشەخۆریی دەکرد. ئەم حیزبە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی باوەڕی پێبکات تا ئاستی جاسووسی کردن بۆ ناوەندە ئەمنییەتییەکانی چووە پێش . کارێک کە پێشتر حیزبی برای(شیوعی) لە ئێراق تاقی کردبووەوە و شکستی هێنابوو.سەرەڕای ئەو هەموو خەیانەتە،مەلا هەر باوەڕی پێ نەکردن و وایان لێدان کە تا ئاستی پەرش و بڵاوی یەکجاری چوون . کە بەداخەوە لەم نێوانەدا سەری زۆر ئینسانی شەریف کە مەبەستیان یەکسانی و دادپەروەری بوو، بەفیرۆ تێدا چوو.واتا سەرەڕای ئەوەی گیانیان بەخت کرد، حیزبەکەیان هێندلە ئوپورتونیزم و خەیانەت دا رۆ چووبوو کە ئەوانیشی لەگەل خۆی بردە زەلکاوی بەد ناوی و تەنانەت خەیانەتەوە.دیارە هەر لەو ماویەدا حیزبی توودە توانی رێکخراوی فیداییێش تووشی جیابوونەوە بکا و بەشێکی زۆری بەشوێن خەت و رێبازی خۆیدا بکێشێ. کە ئەوانیش لە خەیانەت و زیان گەیاندن هیچیان لە برایانی توودەیی کەمتر نەهێنا.تا ئەو جێگایە لەکوردستان ڕاپۆرتیان لە سەر پێشمەرگە دەدا. ولەکاتی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ شارەکان بەرپرسانیان بە تەلەفون جێگەی پێشمەرگەیان بۆ هێزەکانی حکوومەت ئاشکرا دەکرد.

کوردەکانی ئەم خەت و رێبازە،واتا ئەکسەریەتی و توودەیی وئەو کەسانەش کەلە حیزبی دیموکرات جیا بوونەوە هەموو خۆیان بە مارکسیست ، کومونیست دەناساند . هەرکەسە و لە پێشبڕکێی ئەوەدا بوو کە زۆرتر خۆی لائیک و تەنانەت "ئاتەئیست" بناسێنێ .گەرچی وەک پاشتریش دەکەوت تەنیا کومونیستی "پرو رووسی "بوون و هیچ فڕێکیان بەسەر ئەسڵی فیکری چەپ و پێشکەوتنخوازیەوە نەبوو. لە ڕاستیدا جەماعتێک دەروێس بون کە لە "تەریقەت"ێکدا کۆببوونەوە. بۆیە دەروێش مەسلکانە سەرزار و بن زاریان "فەیلەسووف" و "تیوریسینی توودەییەکان" واتا "ئیحسانی تەبەری" بوو. کە وەک ئیدئولۆگێکی ماتریالیست ناویان دەبرد و "فاکت"یان لە نووسین و قسەکانی دەهێنایەوە.

لە کاتێکدا ئیحسان تەبەری و بەگشتی هەموو سەر زلەکانی حیزبی توودە، خاون ئیختیاری خۆیان نەبوون و لە ڕاستیدا هەڵوێست و رێبازی حیزبی دەسەڵاتداری شەورەوی(سۆڤییەت)یان دەکردە فارسی و بەناوی رێبازی حیزبەکەیانەوە دەرخواردی لایەنگر و ئەندامانی خۆیان دەدا. چوونکە لەو سەردەمەدا و لە کێشەی نێوان دوو زل هێزی ئەو کاتەدا، شۆرەوی بریاری دابوو ( وەک عادەتی خۆی) پشتوانی لە دەسەڵاتی ئیسلامی بکات . ئەمانیش(توودەییەکان) ئیتر دەروێش ئاسا بە بێ ئەوە چاو لە خۆیان و هەڵوێستی دەسەڵاتی ناوەندی و بەتایبەت مشتێک ئاخوندی کۆنەپەرستی دواکەوتوو بکەن ، ئەوەی "ئیگور شونتونۆف" ( ئیدئۆلوگی بەشی فارسیی ئەو کاتی رادیو مسکۆ کە راستەوخۆ لە ژێر چاودێریی "ک گ ب" دا وەشانی دەکرد.) بە فارسییە شەل و کوتەکەیەوە دەیگوت، دەبووە سەرچاوەی کار و کردایان .

ئەڵبەت زۆربەیان دواتر نیشانیان دا بەناو کومونیست و مارکسیست بوونەکانیشیان (ئەویش بە شێوەی "پرو رووسی" ) هەموو درۆ بووە و هیچ باوەڕیان بە یەکسانی و یەکسانی خوازی نەبووە. بەڵکە تەنیا نانیان لە ڕێگەیەوە خواردووە و دوعای خێریان بۆ "ک گ ب" و دەسەڵاتە تۆتالیترەکەی سوڤییەتی پێشوو ناردووە . واتا دووکانێک و بوارێکی کاسپی و نان خواردن بووە. چوونکە زۆربەی ئەو سەرکردانەی کە گیران ، لەکاتێکدا ئەندامان و شاگردەکانیان چاوەڕوانی لانی کەمی خۆڕاگری و پێداگرتنیان لەسەر باوەڕەکانیان لێدەکردن، لە هەموو قسە و باوەڕکانیان وەرگەڕان و بوون بە موسڵمان. ئەویش موسڵمانێک کە ئاخوندەکانی قوم و مەشهەد و نەجەفیش بە تۆزی پێیاندا نەدەگەیشتن .

بۆ نموونە "ئیحسانی تەبەری" تا پێش هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی ئیسلامی (لە هەندەران) ئاسنی دەکرۆشت و قەڵەمی بێجگە لە باسی ماتریالیزم و دیالکتیک و لینین و .. بۆ هێچ لایەکی دیکە نەدەسووڕا ،لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ئیسلامیدا وەدووی ئاشت کردنەوەی مارکسیسزم(دیارە مارکسیزمەکەی سۆڤییەت) لە گەڵ ئیسلام کەوت . بۆیە هەر ژمارەیەکی "مەردوم"(ئورگانی حیزبی توودە) ت دەدیت پڕ بوو لە باسی دیالکتیک و شۆڕشگێڕیی ئیسلام و "ئیمام " خومەینی . تا وایلێهات " لە پاپ کاتولیک تر" خەت و ڕێبازی "خەتی ئیمام" یان کەشف کرد و زۆر لایەنگری حکوومەت یان بە لادەر لە ڕێبازی خومەینی لەقەڵەم دەدا. بەڵام پاش ئەوەی خومەینی کاری پێ نەمان و جاسووسی و دوبەرەکی نانەوە لە نێوان هێزە چەپەکاندا تەواو بوو ، بەتایبەت کاتێک گەورەترین نوێنەری ڕادیکاڵیزمی کۆمەڵایەتیی ئەوکات واتا بزووتنەوەی فیدایی(سازمان چریکهای فدائی خولق ایران)یان تووشی لێکترازان و پارچە پارچە بوون کرد ، کەوتە گیانیان و دەستێکی توندی لێوەشاندن . زۆربەی سەرکردەکانی توودە پاش گیران و چوار شەق و زیللە خواردن، ئابرووبەریە مێژوویەکەیان خولقاند . ( دیارە من دژی ئەشکەنجەم و ئیقراو و پاشگەز بوونەوەی خەڵکم لە ژێر ئەشکەنجەی حاکماندا پێ تاوان نییە ، بەڵام ئەوەی توودەییەکان ئەنجامیان‌دا لە تام دەری کردبوو و پێوەندیی بە ئەشکەنجە و ئازارەوە نەبوو . بەڵکوو پێوەندیی بە بێ باوەڕی و شارلاتانیزمەوە هەبوو) . لەبەر ئەوەی باوەریان لەم دیوەوە بۆ ئەودیو هەڵگەڕا و تەنانەت لە زیندانیش جاسووسیان لە سەر زیندانییەکانی دیکە دەکرد. و پاشتر ڕێبەرانیان (وەک تەبەری) کەوتنە پێش بڕکێی کوتانی یەکسانیخوازی و بانگەشەی ئیسلام و کۆنەپەرستی.بە شێوەیەک کە ئەم جار لە ناخەوە لەسەر جەژنی غەدیر و "کارەسات"ی کەربەلا و تەفسیری "نەهجولبەلاغە" و کوژرانی عەلی لە مانگی رەمەزان دەدوا. لە درێژەی پشت کردن لە دیالکتیک ، ئیحسانی تەبەری و زۆر لە سەرکردەکانی توودە ئەوەندە چوونە پێش کە گەیشتنە ئاستی "فەقیە" و "ئاتەتوڵا" . واتا تەفسیری قورعانیان دەنووسی و خەڵکیان بۆ عیبادەت و خزمەتی "ئەهلی بەیت" ڕێنوێنی دەکرد .

یەکێک لە خسڵەتەکانی توودەئیزم ، نووسین یا قسەکردنی "دووپاڵوو" و نەنواندنی هەڵوێستی ڕاستەوخۆیە . بە شێوەیەک کە دەکرێ لە قسەکانیان بە هەموو شێوە و جۆرێک تەعبیر و بەرداشت بکرێ . ڕاست وەکوو ئاخوندەکان . هەر ئەوەشە کە دەبینین ئەم شێوە رەفتارە ماکیاولییە لە رەگ و ریشەیاندا چەکەرەی داکوتاوە و کاتێکیش رەنگ دەگۆڕن و جلی دیکەی وەک موسوڵمان یا ناسیونالیست ویا هەر قەد و قەوارەیەکی دیکە لەبەر دەکەن ، ئەو خۆوو و خسڵەتە ناشیرین و هەلپەرەستانەیە هەر دەپارێزن . جا ئەوەیان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامیدا دەژی لە قەواری ئیسلامیدا (ئەویش بە شێوەی قیزەوەنی) دەریدەبڕی و ئەوەشیان کە لە وڵاتێکی دیکەدا گیرساوەتەوە، چاو لە کەش و هەوای ڕۆژ دەکا و بەو پێیە خۆ دەر دەخات . بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ، ڕێبازە هەلپەرستانەکە هەر دەمێنێتەوە . کە بەگشتی لە "ناڵ و بزمار" دانە.پێش

ئەوە بچمە سەر باسە سەرەکییەکە روونکردنەوەی ئەوەش بە پێویست دەزانم کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی توودە و بەتایبەت ئەکسەریەت،پاش روونبوونەوەی خەیانەتەکانی رێبەرەکان و خەت و رێبازەکەیان،رێزی خۆیان (بەتایبەت لە باری فیکری و ئیدئولوژییەوە)لەم رێکخراوانە جودا کردەوە، کەمن وێڕای ریزوحورمەت، ڕادەگەیەنم کە ئەم نووسراوە بەهیچ شێوەیەک رووی لەم بەڕیزانە نییە و بە رێزەوە دەڕوانمە هەڵوێستە شۆڕشگێڕانە و ئاگاهانەکانیانەوە.
ئەم پێشەکییە دوور و درێژە بەو مەبەستەوە بوو کە کاتێک باسی سەرچاوەی فیکریی کەسانی وەک کەیخوسرەوی(وەک توودەیی لە ڕابردوودا و موسوڵمان لە ئیمڕۆدا) هاتە پێش ، رەنگە بۆ جیلی ئیمرۆ ،بەتایبەت لاوان ، نەناسراو بێت . بۆیە ئاورڕێکی سەرپێی لە سەرچاوەی فیکریی واتا توودەئیزم"م بە پێوێویست زانی
ئیستا دەچمە سەر باسەکەم واتا نووسینەکەی کەیخسروی و ئەو هەڵوێستانەی دەربیرپیون.
ئەم "بەرادەرە" ش بە رێرەوی لە سەرکردەکانی حیزبی توودە،بەتایبەت پاش رووخانی قیبلەی ئیدئولوژیکییەکەی (سوڤییەت) بەتەواوی گۆڕاوە و وادیارە بووەتە موسوڵمان و رەنگە تا ئێستاش (وەک رەسمە) چەند جاریش سەفەری حەجی کردبێ؟! هەر ئەوەشە کە نووسینەکەی بە ئایەکانی "قورئان" دەسپێدەکات و ناواخنی نووسینەکانیشی لەو ئایەتانە بێبەش نەکردووە . بەڵام لە ناو نوسینەکەیدا هەمان هەلپەرستی و "دووپەهلوو" قسەکردن واتا لە ناڵ و بزمار دانی پاراستووە.
کەیخوسرەوی مرۆڤێکی کاڵ و کرچ نییە و بارانی زۆری دیوە . بۆیە هەلومەرجی ئیمرۆی کوردستان و هەر وەها دەسەڵاتی ئیسلامی دەبینێ و بۆنی ئەوەی کردووە کە هاکا ئەم دەسەڵاتە ڕووخا ، یا کێشەی کورد لە ئێرانیش شتێکی لێ هەڵوەری . بۆیە هاتووەتە مەیدان و بە نووسینی بابەتێکی دوور و درێژ کە هەم خۆی ماندوو کردووە و هەم خوێنەر و، وا دەنووسێ کە "نە شیش بسووتێ نە کەباب" واتا لە لایەک بە ناو دیفاع لە کورد دەکات و لە لایەکی دیکەوە دیفاع لە پان ئێرانیزم . ئەڵبەت دیفاع لە کوردەکەی بۆ وەیە کە بیسەلمێنێ کورد ئێرانییەکی رەسەنە !! لەو لاشەوە بە پڕ کردنی نووسراوەکەی لە وشە و ئایە و سوورەی "قورعان" دڵی کۆماری ئیسلامیشی هێناوەتە جێگە . واتا لە لایەک بە رووالەت باسی کێشەی کورد دەکات . بۆ وەی گەر کورد هاتە ڕوو، وەک بەڵگەیەک بۆ "کوردایەتی" کردنی خۆی بەرزی کاتەوە ، لە لایەکی دیکەوە بە ئێرانیی رەسەنی ناسینی کوردان دڵی پان ئێرانیستەکان بە دەس بێنی و گەر کوردیش ئیعترازی کرد ، بڵێ هەلومەرجەکە وای دەس دەدا !! و پاشان بە هێنانەوەی ئایە و وشەی قورعانیش بە حکوومەتی ئیسلامیش بڵێ کە من هەر ئەوەی گۆرینم .
باشە ئاخر ئەم هەڵبە دابەزە مانای چییە؟ ئایا ئەمە دووپات کردنەوەی کردارەکانی توودە و "تەبەری" نییە ؟ بە بروای من هەر ئەوەیە . بەڵام گەرچی ئەوەی توودە و رێبەرانی ئەنجامیاندا ترادژی بوو بۆ ئەو سەردەمە ، ئەمەی ئێستای کەیخوسرەوی ، کومیدیایەکی مەسخەرەیە کە تەنیا خۆی یا کەسانێک وەک ئەو بیر دەکەنەوە پێی پێ دەکەنن .
باسەکەی کەیخوسرەوی فرە دوور و درێژە و مەبەستی منیش "نقد" و رەخنەی باسەکە نییە . بەڵکە مەبەست زبانی قسەکردن و هەڵوێستی کەسێکە کە تا دوێنێ بەناوی "خەباتی دژی ئیمپریالیستی" هاوشانی "خەتی ئیمامییەکان" لە ژێر پەردەی هێرش بۆ هیزە سیاسییەکان وەک رێکخەر و رێبەری خەباتی جەماوەریی گەلی کورد، ناجوامێرانە تیوری سەرکوتی جووڵانەوەی گەلی کوردیان دادەرشت و بە دار دەستی حکوومەتی بەعس یان دەناساند، ئیمرۆ وەک ناسیونالیستێکی ئێرانی و موسوڵمان هەڵس و کەوت دەکات .سەیر ئەوەیە کە ئەم "نۆ موسوڵمانە" کاتێک باسی ڕابردوو دەکات و دەیەوێ هەڵەکان دەسنیشان بکات، خۆی و دەستەو دایرەکەی

(ڕێرەوانی کونگرەی چوار و حیزبی دایک) لێ دەرداوێ و گەلی کورد و هێزە سیاسیەکانی بە هەمان ئەندازەی دەسەڵاتی جەنایەتکاری ئێران خەتاکار دەناسێنێ .
با پێکەوە چاو لە گۆشەیەکی قسەکانی کەیخوسرەوی بکەین:
**"هیچکدام از اعضاء و رهبران احزاب مسلح کردستان به اندازه سران منفور رژیم عراق به مقابله با نظام جمهوری اسلامی ایران برنخاسته‌اند وقتی امکان صلح و کنار آمدن با رژیم بعث در یك مرحله فراهم آمد آیامی توان امکان به توافق رسیدن با اپوزیسیون داخلی را منتفی دانست؟ و آیا احزابی که رهبران آن برای مذاکره با فرستادگان جمهوری اسلامی همواره آمادگی داشته‌اند چنین وحدتی را نخواهند پذیرفت؟ وحدتی که هم عزت و احترام طرفین را بالا ببرد و هم طرفین با قبول اشتباهات گذشته‌ی خود و تعهد به عدم تکرار آن در آینده به آن پایداری ببخشند"**
وەرگێڕانی کوردیەکەی:"هیچکام لە ئەندامان و ڕێبەرانی حیزبە چەکدارەکانی کوردستان (نەک حیزبە سیاسییەکان-ن) بە ڕادەی سەرکردەکانی دەسەڵاتی بێزراوی ئێراق بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی هەنگاویان هەڵنەهێناوەتەوە. کاتێک ئیمکانی سوڵح و سازان لەگەڵ دەسەڵاتی بەعس لە قۆناخێکدا ڕەخسا ، ئایا ناتوانرێ لەگەڵ ئوپوزیسیونی نێوخۆیی ڕێککەوتن پێک بێت؟ ئایا ئەو حیزبانەی کە ڕێبەرانیان هەمیشە ئامادەی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بوون پێشوازی لەم یەکێتی‌یە ناکەن ؟ یەکێتی‌یەک کە هەم حورمەت و گەورەیی هەردوولا بەرز دەکاتەوە و هەم هەردوولا بە سەلماندنی هەڵەکانی ڕابردووی خۆیان، دووپات نەبوونەوەیان مسۆگەر بکەن."
وەک دەبینین بۆ ئاغای کەیخوسرەوی هیچ جیاوازیەک لە نێوان کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی گەلی کورددا نییە و کاتێکیش باسی ئاشت بوونەوە دەکات، باسی ئوپوزیسیونی "ناوخۆیی" کەهەمان ئیسڵاح تەلەب و کۆنە جاشەکانن دەکات. سەیر ئەوەشە کە گارانتی ئەوەش دەدات کە " ئەو حیزبانەی کە ڕێبەرانیان هەمیشە ئامادەی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بوون پێشوازی لەم یەکێتی‌یە دەکەن". واتا حکوومەت لەگەل "ئوپوزیسیونی ناوخۆیی"ئاشت بوونەوە ڕابگەیەنێ،هێزە سیاسییەکانی کورد پشتیوانی لێدەکەن !!!
وا دیارە تێپەڕ بوونی زیتر لە دوودەیە هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئاغای کەیخوسرەوی نەبووە. ئەگینا چۆن نازانێ کە ئەو "حیزبانەی کە هەمیشە ئامادەی وتوویژ لەگەل نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بوون" هەر لەو وتوویژانەدا ڕێبەرانیان لە داو کەوتن و کوژران . بێگومان سەرجەم سیاسەتەکانی حکوومەت ئەوەی سەلماندوە کە ئیتر هێزە سیاسییەکان هیچ کیسەیەک بۆ وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی ئیران هەڵنەدوورنەوە.بۆیە باوەڕ ناکەم لەم نێوانەدا و لەم بارەوە هیچ گیری ئاغای کەیخوسرەوی بکەوێ.
ڕەنگە هێندێک پێیان وابێ کە کەیخوسرەوی و کەسانی وەک ئەو دەیانەوێ هەل بقۆزنەوە و لە "ئیمکانی قانوونی" بە قازانجی کێشەی گەلەکەمان کەڵک وەرگرن.بەڵام بە چاولێکردن لە هەڵوێستەکانی ئەم کەسانە و بە دیتنی دۆستەکانیان،دەردەکەوێ کە ئەو سەنگەرەی کە بۆ تێکۆشان هەڵیانبژاردوە،سەنگەری خەڵک و بەرژەوەندیەکانی نییە. بەڵکوو سەنگەرێکە کەلەبازنەی حکوومەت و دۆستەکانیدا جێگەی خۆی دیوەتەوە و بێگومان دژی گەلی کورد و بەرژەوەندییەکانییەتی.
ئیمرۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای دەسەڵاتی ڕەشی حکوومەت و بوونی خەفەقان، ڕێزبەستەکان روون و شەفافن. هیچکەس ناتوانێ ئیدیعا بکات بزووتنەوەی سەربەخۆی خوێندکاری و جەرەیانی ئیسلاحتەڵەبی لایەنگری حکوومەت (وەک دارو دەسەی ڕەمەزانی و هەدایەتی و ئەدەب و....) هاوبیر و هار ڕین. ئیمرۆ ناوەندەمەدەنییەکانی وەک NOG یەکان کە لە ناخی کۆمەڵگاوە هەڵقوڵاون هیچ هاوبەشیەکیان لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانە نییە کە جار جار بەناوی کوردەوە قسەدەکەن بەلام بۆ ئەوان کورد هەمان "مەرزداران غیور"ن و مافخوازی ئەم

کەسانە بۆ گەلی کورد ئەوپەڕی "کورداندنی" سیاسەتە کۆنەپەرستانە و خورافەپەروەریەکانی حکوومەتی ئیسلامییە.واتا ئەوەی حکوومەتی ئیسلامی ئێستا بە زبانی فارسی ئەنجامی دەدا، ئەمان داوا دەکەن بەکوردی ئەنجامی بدات. هەرچەند حکوومەتی ئێران قەت رازی بەوەش نابێ .بەڵام "بەفەرزی مەحاڵ" ئەوکارەش بکات و ئەو ئاغایانە بکاتە مەئمووری بەکوردی کردنی سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی،تازە ناگاتە ئاستی ئەو "ئۆتونومییە" کە "عەقراوی" و جەماعەتەکەی لە سەدامیان وەرگرتبوو. ئایا لە دژوارترین سەردەمی ژیانی گەلی کوردمان لە باشوور، سەردەمانێک کە حکوومەتی بەعس کەمەری بە تواندنەوەی یەکجاریی کورد بەستبووو لە هەمانکاتدا توانیبووی دەسەڵاتی رەشێ خۆی لە کوردستان بسەپێنێ "عەقراوی" و ئۆتونومییەکەی لە لایەن کۆمەلانی خەڵکەوە بێجگە لە جاش و بێ ئابروویی هیچیان پێ برا؟
بۆیە بە باوەڕی من گەر کەسانی وەک کەیخوسرەوی خاوەنی "نییەت"و ئامانجی پاک و خزمەت بە خەڵک بوایەن، دەبوا خۆیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک رێکبخستایە. زانینی ڕای کۆمەڵانی خەڵکیش کارێکی دژوار نییە. هەر ئیعتراز و ئاخێزێکی جەماوەری ( کە بەختەوەرانە لە کوردستان کەمیش نین) شێوە ریفراندومێکە کە خەڵک تیدا بە دروشم دژی سەرتاپای حکوومەتی ئیسلامی و داواکردنی مافە نەتەوەیەکانیان ڕا و نەزەری خۆیان دەردەبڕن. دیارە من چاوەروانیم لە کەسانی وەک کەیخوسرەوی یا ئەوانەی بە نانی دەسەڵات ڕاهاتوون،ئەوەنییە کە برژێنە خیابانەکان و شانبەشانی کوڕان و کچان و کاسپکار و ژن و پیاو لە ماکۆ ، پیرانشار ، سنە ، مەهاباد، کرماشان و... دژی حکوومەت ڕاپەڕن. بەڵام چاوەروانی ئەوە خۆ دەتوانین بکەین کە ئەگەر گوڵ نین درکیش نەبن. ئاخر ئێستە ئیتر کەی سەردەمی ئەوەیە کە کەسێک بێت حکوومەتێکی جەنایەتکاری بەتەواوی بێزراو لەگەڵ خەڵکێکی سەرکوتکراوی وەزاڵە هاتوو ئاشت بکاتەوە.ئەویش لە کاتێکدا ئەو حکوومەتە لە گێژاوی دەیان قەیرانی هەڵقوڵاری سیاسەتەکانی خۆیدا تا بیناقاقە چەقیوە. چاوەروانی لە کەسانی دوورئەندێش و دڵسۆز ئەوەیە لەم کاتانەدا هەوڵێک بدەن کە ئەم حکوومەتە زووتر لەو گێژاوە رۆ بچێ و بخنکێ. چوونکە بە دڵنیایەوە تاحکوومەتی ئیسلامی خاوەن دەسەڵات بێ، نەگەلی کورد بە چکۆلەترین مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی دەگات و نەش گەلانی دانیشتووی ئێران رووی ئارامش و ئاسایش و ئازادی بە خۆوە دەبینن. بە خۆشیەوە هەلومەرجی ئیمڕۆ (چ لەباری نێوخۆیی و چ لەباری دەرەوە) ئەو دەرەتانەی بۆ مانەوەی دەسەڵاتی لە شێوەی حکوومەتی ئیسلامی نەهێشتووەتەوە. ئەمە راستییەکە کە کەیخوسرەوی و هاوبیرانیشێ بەباشی هەستیان پێکردووە. بەڵام بۆچی هەڵوێستی ئەوتۆ دەگرن؟ وەڵامەکەی بە باوەڕی من لە جەوهەری فیکریی ئەم کەسانەدایە، تووەدەئیزم. جا فەرق ناکات وەک موسوڵمان خۆ دەربخەن یاوەک ناسیونالیستێکی کورد.

خاکەلێوەی 2706